کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال ، نووسراوێک دەداتە کۆنسێڵی ئەمێریکا لە سیدنی .
دەقی نووسراوەکە بەزمانی ئینگلیزیی لە خوارەوەیە.

لە درێژەی چالاکییەکانی کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپەیندا هەردوو ئەندام کۆمیتە نەهرۆ جەلال شێرە و جەلال محەمەد رۆژی چوارشەممە ریکەوتی 9/ 2/2006 سەعات 1 پاش نیوەرۆ سەردانی کونسوڵی ئەمێریکایان کرد . لەم سەردانەدا کونسێڵی گشتیی ئەمێریکا ستیفن . تی . سمیت و دوو هاوکاری بۆ ماوەی نزیک بە سەعاتێک قسەو باسیان لەسەر دۆزی د. کەمال سەیید قادر کرد .

سەرەتا نوێنەرانی کەمپەین ئەوەیان رۆشنکردەوە کە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمێریکا و رووخانی رژێمی بەعس ئومێدی ئاڵوگۆڕی ئەوەی بەخشی، لە بارودۆخی ژیانی خەڵکی عێراق و کوردستان ورزگاربوونیان لە سەرکوت و هاتنەکایەی هەلومەرجیک کە ئازادییە سیاسیەکان و ئازادیی بیروڕادەربڕین دەستەبەر بن . کەچیی دوای نزیک بە سێ ساڵ دەرکەوت کەمەسەلەکە وانییە. دەسەڵاتی پارتیی لە هەولێر لەسەر بڵاوکردنەوەی دوو وتار لە سایتەکاندا، سیی ساڵ زیندانیی بۆ د. کەمال سەیید قادر بڕییەوە لەدادگایەکی سیاسییدا .دوای ئەوەی ئەم حوکمە نارەوایە نارەزایەتیەکی زۆری لە ناوەوەو دەرەوی کوردستان هێنایە کایەوە لە ناو رۆشنبیران و خەڵکی تینوو بە ئازادیی و دوای ئەوەی کەمپەینی بەرگری لە ئازادیی د. کەمال لە ئەورووپا وئەمێریکا و ئوستراليا پێک هات و هەزاران ئیمزای بۆ کۆکرایەوە لە کوردستان و دەرەوە و سەرەڕای ئەوەی جۆرەها رێکخراوی نێونەتەوەیی تێگەیەنرا و خودی دەوڵەتی نەمسا و ئەمێریکا لەم کێشەیەدا بەفەرمی تێهەڵچوونە لەژێر هورووژمی ئازادییخوازاندا .

هەروەها جۆرەها ئاکسێونی بۆکرا وپاش ئەوەی جۆرج بووش قسەی لەسەر کرد نزیک بە چەند هەفتە لەمەوبەر حوکمەکە لابرا و بریاربوو د. کەمال ئازاد بێت . کەچیی تا ئیستا هیچ دیار نییە . ئێمە وەکو کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال نیگەرانی ئەوەین کە باری تەندروستی باش نەبێت بە تایبەتیی کە ئەشکەنجەدراوە یاخود بەهەر هۆیەکی ترەوە بێت مانەوی لەزینداندا بە کارێکی نارەوا و دژ بە ئازادیی دەزانین. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە ئەم یاداشتە بگەیەنن بە حکومەتی ئەمێریکا و فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی پارتیی بۆ دەستبەجێ ئازاد کردنی.

کونسێڵی گشتیی ، پاش چەند پرسیارێک لەسەر کەمپەینەکە وشێوەی کارکردنی لە کوردستان و لە هەندەران وهەروەها لەسەر خودی د.کەمال وتی؛ ئێمە پیرۆزباییتان لێدەکەین بۆ ئەم شێوە مۆدێرن و هاوچەرخەی نارەزایەتیی و داخوازی دەربرینە کە پیادەی دەکەن. ئەو گوتی من تێدەگەم کە ئێوە نیگەرانی بەشیکی زۆری کوردەکانی هەندەران وکوردستان دەگەیەنن بە ئێمە، من بەلێنی ئەوەتان دەدەمێ کە لەزووترین کاتدا ئەم یاداشتە بگەیەنم بە حکومەتی ئەمێریکا و داوای ئەوە دەکەم کە بە فەرمی بیگەیەنن بە حکومەتی عێراق. دانیشتنەکە نزیک بە یەک کاتژمێری خایاند.

**کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال سەیید قادر.**

**کۆمیتەی سەرپەرشتیکار**

# 11-02-2006

**دەقی نووسراوی کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال- کۆمیتەی ئوسترالیا کە درا بە کۆنسێڵی ئەمێریکا.**

08/02/2006

The Committee of Australian Kurdish   Campaign for Free Dr. Kamal
Tel: 02 88127614
Mob: 0412965589
Email: nahro@optusnet.com.au
PO.Box 3469 Paramatta NSW 2124

The Hon. Counsel General of USA in Sydney-Australia

The violation of human rights and freedom of expression by Kurdish authorities are constant and continuing dilemma in Iraqi Kurdistan for the last 15 years. Dr. Kamal Sayed Qadir who is a Kurdish writer and has Austrian citizen, was abducted by Kurdistan Democratic Party on 6 October last year.  Dr. Kamal was subsequently sentenced to 30 years imprisonment in less than one hour in forged court based on Saddam's law, because he wrote and Published 2 articles on Kurdish website, criticized the corruption of KDP and its leaders.

Massoud Barzani in most recent visit to USA showed himself as a democratic and lenience leader. However the true story in Iraqi Kurdistan under his rule is accumulation of corrupt wealth and breaching of human rights standard. Nevertheless the one related to Dr.Kamal S .Qadir shocked the entire Kurdish community abroad & in Kurdistan too.

The reason we established a world wide campaign for free Dr.kamal.Sayed Qadir, for the last 3 months, is to put international pressure through international community and those governments which are ruling Iraq in one way or other .This voice for freedom, our Committee in Australia of this Campaign is a part of the world wide campaign. While Kurdish authorities are backed up by the USA Government, we are calling USA government throughout your Consulate to use its full diplomatic power for immediate release of Dr. kamal

We are strongly appealing against KDP decision over Dr.Kamal Sayed Qadir and the silence of USA government as well as asking you kindly to deliver our strong message to your government to put enough pressure for immediate release to Dr.Kamal Sayed Qadir. Should you require further information, please do not hesitate to contact us at the above address. In waiting for your kind response, we take the opportunity to thank you for your precious time; your co-operation in this case is greatly appreciated.

**Yours Sincerely**

**Nahro J.Saaid**
The president of The Committee of Australian Kurdish Campaign for Free Dr. Kamal